# کەلار

*2003-7-12*
*هۆڵندا*

*من بۆ کەلار*
*منداڵێکی لاسارو جەستەیەکیماندوو*
*کەلار بۆ من*
*ئازارێکی خۆڵەمێشی و لە بیر نەچوونەوەێکی ئەبەدی*
*تەمەنم زەرد بووەو هێشتا شەوانە دەفڕم و*
*لەسەر پلوسک و گوێسوانەی*
*خانوە قوڕکانی منداڵیم ئەنیشمەوە*
*ئای لەخەونی هەتیوێکی هەژار*
*بەکراسێکی کون کونەوە*
*کوڵان کۆڵان بەپێی پەتی*
*دەرگا بەکڵۆم داخراوەکانم ئەکوتی*
*دەبابڕۆین وا بەهارە*
*(خڕی حاجی)* مەمکەکانی پڕبوونە لە ئاوی تەزیو*
*وەک یۆحەنا*
*ئەو لەکەناری ئەردەنەوە*
*گوناهی خەڵکی دەشۆردەوە*
*ئاوی خریش بێ گوناهی ئێمەی دەخواردەوە*
*ئەو عاشقێکی بەهارە بوو*
*حەزی لە کوڕو کچەکانی لادێ بوو*
*تا جۆزەردانێکی درەنگ وەخت*
*لەچاڵاوە لێڵەکانیا*
*وەک منداڵە لاسارەکانی شێرزاد حەسەن***
*مەلەی ژیانمان تیا دەکرد*

***

کەلار

ئەی کچە قەیرەکەی گەرمیانم
بەهار دەهات
چاوت بە کلی حیجاز دەڕشت و
سنگ و مەمکت بەسملّ ومێخەکی
خڕحاجی بۆن خۆش ئەکرد
هەر دوێنێ بوو
وام ئەزانی خۆشم ناوێی
وام ئەزانی تۆ دایکمی و
بە زللە ڕومەتە تۆزلێ نشتوەکەم ئازار ئەدەی
نەم ئەزانی
تەنها تۆ بوویت فرمێسکەکانمت ئەخواردەوە
گۆنا ماچ نەکراوەکەمت
ماچ ئەکرد
دلّ نەوایی بێ باوکی و دلّ ڕەقی دایکمت
ئەدایەوە

***

کەلار

ئەی کچە شەرمنەکەی گەرمیانم
هەموو شەوێ بۆنت ئەکەم
ئەتخۆمەوە تینوم ناشکێ
ئەرێ بیرتە؟
لەدوای وەرزی باران بڕان
جار جار ئاهێکی قوولّت
بۆ ڕوت و ڕەجالّیم ئەکێشا
ئەبووە گەردەلولێکی هاوینەو
بە تەنها دەرپێیەکی خامەوە

***تۆش وەک دایکێکی میهرەبان***
***بە زیخە ووردەی خاکتەوە***
***ختوکەی ڕۆحمت ئەدا***
***کە گەورەش بووم***
***کاتێ ئارەزووی ماچم ئەکرد***
***لاشەت ئەکردە بەرماڵ و***
***نوێژە عاشقانەم تیا ئەبەست***

*: خڕ حاجی: چەمێکی بەهارەیە ئەکەوێتە ڕۆژئاوای کەلاری کۆنەوە
**پاڵەوەنەکانی چیرۆکێکی شێرزاد حەسەنە